# سوپای تورک فەلەکی لێ شاش بووە و ریفۆرمخوازەکانی ئەنقەرەش داوای دیالۆگ دەکەن



جەمال دۆغان



فیگەن بایکاڵ

ئەمرۆ دەتوانین بڵێین رۆژەڤی سیاسیی تورکیا بە مەسەلەی هەرێمی فیدراڵی کوردستان و پەکەکە گرێدراوەو بۆتە سەنتێزی باسوخواسەکانی ئەو وڵاتە. بەتایبەت لەم رۆژانەی دواییدا هەموو کاربەدەستانی پایەبڵندی دەوڵەتی تورکیا کەوتوونەتە نێو مشتومڕ و گفتوگۆکردنی ئەو مژارە. لەکەنعان ئەڤرەن و سلێمان دێمرێلی سەرۆک کۆماری پێشووەوە بگرە تا دەگاتە بچووکترین بەرپرسی ئەو وڵاتە خەریکی تاوتۆکردنی ئەو مژارەن. بۆیە پرسی کورد ئەمرۆ لەتورکیا بۆتە خاڵێکی هەرە گرنگ و مەترسیدار بۆ ئەو وڵاتە.

لەم سۆنگەیەوەش، ئاڵۆزیی سیاسیی لەتورکیا تا دێت بەرەو تەشەنەکردن و قوڵبوونەوەی زیاتر دەچێت و پێشبینی دەکرێت کریزە سیاسیی و ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە قوڵتریش ببنەوە. بەتایبەت چاوەڕێ دەکرێ دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە چەندان شڵەژان و هەیەجانی سیاسیی گەورە بێنەکایەوە. ئەو راستییەش لەسەر زاری کەسانێکی وەک کەنعان ئەڤرەن و سلێمان دێمرێل جەختی لەسەر کراوەتەوە. لەبەرئەوە ئەمرۆ زۆربەی کەسایەتی و سیاسەتمەدارە ریالیست و دیموکراتخوازەکانی ئەو وڵاتە داوای ئەوە لەدەوڵەت دەکەن کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە هەقیقەتەکانی نێو عێراق و کوردستان قەبووڵ بکەن، کە ئەمە بۆ دەوڵەتێکی زلهێزی وەک تورکیا شتێکی سووک و سانا نییە..

بۆیە مەزندە دەکرێ لەدەمێکی نزیکدا هێڵە سوورەکانی کۆماری تورکیا بگۆڕێن و گڵۆپی سەوز لەڕووی حکوومەتی ئەو وڵاتە هەڵبکرێت بۆ دەستپێکردنی دانوستان و دیالۆگ لەگەڵ ئیدارەی فیدراڵی کوردستان و قەبووڵ کردنی موخاتەبی کوردان لەتورکیا. لەبەرئەوە ئێستا کاربەدەستانی تورکیا چاک دەزانن گەلی کورد ئێستا خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزە و دەتوانێ خاوەنداری لە بەها و مافە رەواکانی خۆی دەربکات.. هەروەک نووسەر و رۆژنامەنووسی تورک محەمەد عەلی بیراند، کە چەند رۆژێک لەمەوبەر دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ سەرۆکی کوردستان سازکردبوو، لەوتارێکی خۆیدا لەرۆژنامەی میللیەت-ی تورکی لەسەر کاردانەوەی پاش بڵاوبوونەوەی دیمانەکە دەدوێ..

بیراند لە ژنەڕاڵەکانی سوپا و بەرپرسانی حکوومەت و ڕای گشتی تورکیا دەپرسێ ئێوە لەبەرچی






لەئاخاوتنەکانی بارزانی نیگەران دەبن، پەیوەست بەو مژارە سووکە لەنگەرێک دەگرێ و دەڵێ: "ئێمە وڵاتێکی ٧٠ ملیۆن کەسین، بۆچی هەمیشە بەستراتیژییەتی گومانکردن هەنگاوەکانمان هەڵدەگرین و باوەڕمان بەهیچ کەس و لایەنێک نییە؟". لەبارەی لێدوانەکانی سەرۆک بارزانی کە بەتورکیای ڕاگەیاندبوو "دەوڵەتی سەربەخۆ مافێکی ڕەوای گەلی کوردستانە و، بەهیچ کلۆجێکیش ڕێگا بەسوپای تورکیا نادەین پێ بخانە خاکی کوردستانەوەو ئامادەش نابین شەڕی چەکداری پەکەکە بکەین"، بیراند بەمشێوەیە بۆچوونەکانی دەخاتەڕوو: "دەبووایە چاوەڕێی چی لەگوتەکانی بارزانی بکەین کە هەمیشە پێداگری بەسەر ئەو پرسانە کردووە. بۆیە زەحمەتە بەسەرۆک بارزانی بگوترێ لەبەرچی باسی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەیت".

بەپێی هەواڵێکیش کە لەگۆڤاری تامپۆی تورکی بڵاکراوەتەوە، پاش ئەوەی سەرۆکی لقی ئامەدی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک (DTP) گوتی: "ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر کەرکووک ئەوا ئێمە وەک هێرشکردنە سەر دیاربەکر حیسابی دەکەین". هەندێک سیاسەتمەداری دیکەش لەسەر ئەو مژارە قسەیان کردووە. لەوانە، سەرتاج بوجاکی سەرۆکی هاک پارتی دەڵێت: "ئەگەر لەلایەن تورکیا موداخەلەی عەسکەری بۆ سەر کەرکووک بکرێت، ئەوکات ئێمەش مافی دیموکراتیانەی خۆمان بەکاردێنین و هەڵوێستی خۆمان نیشان دەدەین. ئەگەر شتێکی خراپ بەرامبەر کوردەکانی ئەودیو بکرێت ئەوا کوردەکانی ئێرەش دەکەونە کوچە و کۆڵانان و ئەو کردەیە شەرمەزار دەکەن و، ئێمەش ناچینە کار و ناوەندەکانی خوێندن، بۆیە هەموو کوردانی باکوور لەسەر مەسەلەی کەرکووک زۆر ڕژد و هەستیارن". لەلایەکی دیکەوە سری ساکیک جێگری سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک گوتی: "ئەگەر پەیوەندی خوین و خزمایەتی لەنێوان تورکمانەکانی عێراق و تورکیا هەبێت ئەوا کوردەکانی تورکیا و عێراقیش پەیوەندی خوێنیان هەیە، ئەگەریش دەستدرێژی بکرێتە سەر کوردەکانی عێراق ئەوا لەلایەن کوردەکانی تورکیاوە قەبووڵ ناکرێت. بۆیە ئێمە وەک (DTP) ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور بە ڕاست نابینین، لەبەرئەوەی کەرکووک شارێکی عێراقییەوە و مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراقە".


بارین کایۆغلو


ئەلیف قایا

